موراد قەرەیلان: دەکرێت نەورۆزی 2025 ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئازادی ڕێبەر ئاپۆ

موراد قەرەیلان، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەکەکە بانگەوازی بۆ بەشداربون لە ئاهەنگەکانی نەورۆز کرد و ڕایگەیاند، "دەکرێت نەورۆزی 2025 ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئازادی ڕێبەر ئاپۆ و چارەسەری پرسی کورد"، دەشڵێت، "ئێستا تەکنیکێکمان هەیە کە دەتوانێت تەواوی باکوری کوردستان و هەتا نیوەی تورکیا بکات بە ئامانج و لە مەودای 800 کیلۆمەترەوە ئەنجامەکە بپێکێت، ئەگەر بمانەوێت دەتوانین ئابوریی تورکیا و هەمو شتێک بکەینە ئامانج و قەیرانێکی گەورە دروست بکەین".

موراد قەرەیلان لە بەشداری بەرنامەیەکی تایبەتی ستەرک تیڤییدا، ڕەخنەی لە گوزارشتی 'تەسلیمبون'ی گرت کە لەلایەن کاربەدەستدانی دەوڵەتی تورکیاوە بە بەردەوامی دەوترێتەوە و وتی، "لە باسوخواسی پرسێکی سەدە ساڵەی و شەڕی 41 ساڵەداین، پێویستە لە پێناو چارەسەرییدا ئیدی کۆتایی بە زمانی دوژمنایەتی بهێندرێت و پەرە بە زمانی ئاشتییانە بدرێت، شەڕ لە سودی هیچ کەسێکدا نییە، ڕێبەر ئاپۆ پەرەی بە پرۆژەی ئاشتی و دیموکراسی داوە کە بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات".

قەرەیلان ناڕەزایەتی بەرانبەر بەشێک لە سەرکردەکانی دەوڵەتی تورکیا دەربڕی کە بانگەوازی

چەکدانانی پەکەکە وەک "شکستخواردن" هەڵدەسەنگێنن وتی، "پەکەکە وەک ئایدیۆلۆژیا، سیاسی و سەربازی لە بەهێزترین کاتەکانی خۆییدایە، پشتگیریدانمان بەم پرۆژەیە لە بەر ناچاربونمان نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە باوەڕمان بە دیدگا و پێگەیی ئاشتی و پرۆژەی ڕێبەر ئاپۆیە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "نەورۆز گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە مێژوی گەلانی هەرێمەکە و کوردستاندا، ڕێبەر ئاپۆ پێش 52 ساڵ لە ڕۆژی نەورۆز دەرکەتنە مێژویەکەی دەرخست، لە کاتێکی گرنگدا پێشوازی لەم ڕۆژە پیرۆزانە دەکەین، بەتایبەت نەورۆزی 2025 نەورۆزێکی ئاسایی نییە، لە پرۆسەیەکی مێژوی زۆر گرنگدا پێشوازی لە نەورۆزی 2025ی تێکۆشانی ئازادییدا دەکەین، گەلەکەمان ئەم نەورۆزە بە دروشمی 'ڕێبەرێتی ئازاد، کۆمەڵگەی دیموکراتیک' پیرۆز دەکات. ئەم جددیترن دیاریکردنە، ئەم نەورۆزە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ بە نەورۆزی چارەسەری و ئازادی ڕێبەر ئاپۆ".

موراد قەرەیلان دەڵێت، "زۆر لایەن هەن کە دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە تێکبدەن، ڕونە کە هەندێک لایەن لە لایەنی حکومەت و هەروەها لە لایەنی کوردیشەوە هەیە کە دەیانەوێت ببنە هۆی تێکدانی ئەم پرۆسەیە، لە هەموی گرنگتر، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر لایەن هەن کە دەیانەوێت ئەم شەڕە بەردەوام بێت، چونکە زۆربەی ئەمانە سود لەم شەڕە وەردەگرن، هەر بۆیە ڕێبەر ئاپۆ دەیەوێت ئاراستەکان بگۆڕێت، واتا کەسانێک هەن کە شەڕیان دەوێت، مرۆڤ لێیان تێدەگات، سروشتییە ئەوان زمان تیژ بن و هەرچییەک دێتە مێشکیان بیڵێن، بەڵام بەکارهێنانی هەمان زمان لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە کە وەزیرن و ئەرکی فەرمییان لەسەرە، بابەتێکی ترە و نابێت بەو شێوەیە بێت. ئێمە ئاشتی دروست دەکەین یان دەمانەوێت یەکتر لەناو ببەین؟".